Dengekan

# دەسەڵاتی میلیشیایی و مافەکانی مرۆڤ...!
# (بە بەهانەی ڕاپۆرتەکەی ڕیکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە کوردستان)

موزەفەر عبدالله
mozafar_as@yahoo.com

ڕۆژی 3ی ئەم مانگە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، کە ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی یەو نوسینگە سەرەکی یەکەی لە نیۆیورکەو لە زۆربەی ووڵاتەکانی جهان نوسینەگەشیان هەیە، ڕاپۆرتێکی لەسەر ماڨ زیندانیان لە کوردستان بلاّو کردۆتەوە.هاوکات نوێنەری ڕێکخراوی ناوبراو سارا ولیسنیش لە هەولێر هەمان ڕۆژ کۆڕێکی لە بارەی ئەم ڕاپۆرتەوە ساز کردوە.ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە کە بە کوردیش لە 4 لاپەڕەدا بلاّو کراوەتەوە.هەڵبەت خوێنەر دەتوانێ لە ڕێگای ئەم لینەکەوە بیخوێنێتەوە.

http://hrw.org/reports/2007/kurdistan0707/

ڕاپۆرتەکەدا لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵێ هەوڵی عەمەلی ،لە چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانی یەکانی 10 گرتوخانە ئامادە کراوە.نوێنەرانی ڕێکخراوەکە لە ماوەی 6 مانگ لە ئەپیرلی 2006 تا ئۆکتۆبەری 2006 ڕاپۆرتەکەیان ئامادە کردووە. لەو شەش مانگەدا سەردانی 10 زیندانیان کردوە لە هەر سێ شاری هەولێرو دهۆك و سلێمانی . چاویان بە 150 زیندانی کەتوە، ئەمە جگە لەوەی چاویان بە چەندین زیندانی کەتوە کە پێشتر زیندانی بونەو ئێستا ئازاد کراون، ئەوانیش باسیان لە وەزعی خراپی خۆیان لە زیندانەکان کردووە.لە ڕاپۆرتەکەدا هاوکات ئاماژە بە بوونی 1000 زیندانی کراوە تەنها لە زیندانی یەکانی ئاسایشی سلیمانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دا .زیندانی یەکان باسیان لەوە کردووە کە زۆریان بە بێ تۆمەت و بە بێ لێکۆڵینەوەو دادگاو بە بێ پارێزەر ڕاپێچی زیندان کراون .هەندێکیان زیاتر لە شەش مانگ هەتا ساڵ زیاتریش لە زینداندان بە بێ لێکۆڵینەوەو دادگا.وە هەندێکیان لە جیاتی براو باوك زیندانی کراون.لە زیندانێدا بە جۆرەها شێواز ئازارو ئەشکەنجە دراون، وەك لێدان بە سۆندەو کارەباو برسی کردن و سوکایەتی و ترس و تۆقاندن و حەربی نەفسی.لە نێو زیندانی یەکان جگە لە هاووڵاتی کوردستان و عیراق هاووڵاتی ئیرانی و سعودی و سوری و میسری ..هتد تیا بەدی دەکرێت.دیارە ئەمە لە کاتێکدایە کە زیندانی تریش هەیە بە ناوی زیندانی حکومەتی هەرێم.بەلاّم ئەم زیندانیانە هیچ لە ژێر چاودێری حکومەتی هەریمدا نین، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ئاسایشی هەردوو حزبدان.

ئەم ڕاپۆرتەش وەك ڕاپۆرتەکانی تری ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی و ڕێکخراوی ماڨ مرۆڤی ئەمریکی و ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان گەردەلولێکی لە ڕەخنەو ڕەخنەکاری و ئیدانە کردنی دەسەلاّتدارانی کوردستان بەرێ خست. دەسەلاّتدارانیش ئەم جارەش شەرمنۆکانە ناچار بون بکەونە بەرگری لە خۆ کردن بە شێوەی جۆراو جۆر.لەم بارەیەوە هەریەك لە بەرپرسانی ئاسایشی هەردوو حزب و وەزیری ماڨ مرۆڤی حکومەتە هاوبەشەکەیان کەوتنە وەلاّم دانەوەو نەڨ کردنی ڕاستی یەکانی ناو ئەو ڕاپۆرتەو هاوکات ڕوی خۆیان بەوە سپی بکەنەوە گوایە ئەو ڕاپۆرتە باسی بارودۆخی ئەمرۆی زیندانیەکان ناکات و هی ساڵی پارەو ئێستا وەزعی زیندانی یەکان زۆر باشەو حکومەتەکەیان ریفۆرمی زۆری کردووەو ریعایەتی شەرت و شورت و ستانداری نێو دەوڵەتی کردە سەبارەت بە زیندانەکان.ئەمە جگە لەوەی ڕێکخەری کاروباری حکومەتی هەریم و یو ئین بۆ ڕوو سپی کردنەوەی دەسەلاّتەکەیان ووتی کە ئەو ڕاپۆرتە تەعبیر لە شەفافیەتی حکومەتەکەیان دەکات کە ئەوان هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی مافەکانی مرۆڤن، بۆیەش دەرگایان ئاوالاّیە بۆ هەر ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ تا سەردانی زیندانی یەکان بکەن.

ئەم ڕاپۆرتەش جارێکی تریش ئەوەی سەلماندەوە ،دیارە سەرەرای هەراو هوریای هەردوو دەسەلاّتدارانی پارتی و یەکیتی و وەزارەتی ماڨ مرۆڤ و ڕێخکراوەکانی ماڨ مرۆڤیان و ماشینی ئیعلامیان بۆ پروپاگەندە لەسەر دەستەبەر بونی ماڨ مرۆڤ لە کوردستان و بێ وێنەیی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست، کە ئیدیعاکانیان هەموی پوچ و بی مایەیە .وە ئەوە دەسەلمێنێ کە فعلەن لە کوردستان ئەوە 15 ساڵە شتیك نی یە بەناوی دەسەلاّتی پارلەمان و حکومەت و دەسەلاّتی قەزاوو یاساوە.ئەوەی هەیە تەنهاو تەنها دەسەلاّتی دوو حزبی قومی- عەشیرەتی

میلیشیایی سەرکوتگەرو دژی مرۆڤ بە گشتی دژی ژنانن بە تایبەتی .جا ئەگەر لەم 15 ساڵە کۆمەڵێ کەسیان لە ژن و پیاو بە ناوی چاودیران و پاریزەرانی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و منالاّن و لاوان ...و چی چی بە موچە خۆر دامەزراندوە ئەوە تەنها ڤیناعێکە بۆ داپۆشینی ڕووی دەسەڵاتەکەیان .هەرکەس زەڕڕەیەك دڵیدانی هەبیت بۆ مافەکانی مرۆڤ و خۆی بە پاریّزەرو لایەنگری مافی مرۆڤ بزانێ لە ڕوانگەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤەوە، ئەوە بۆی دەردەکەوێت کە حزب و دەسەڵاتێکی قومی- عەشیرەتی و میلیشیایی هەرگیزاو هەرگیز ناتوانێ و نایەوێت مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکات.چونکە سیاسەت و کردەوەو تیروانین و کەلتوری حزبی قومی _ عەشیرەتی کە بە هیزی چەکداری میلیشیایی خۆی فەرز دەکات بەسەر کۆمەڵگادا ناتوانێ مافی مرۆڤ بپاریزیت، بەڵکو تەنها دەتوانی مافی عەشیرەت و سەرۆك عەشیرەت و مەلاو ئاغاو دەرەبەگ و سەرمایەدار بپاریزیت .هەر بۆیە مافی مرۆڤ لە کوردستان بە گشتی و مافەکانی ژنان وەك بەشیکی ئەساسی مافەکانی مرۆڤ  نەك تەنها کاریکاتۆرە بەڵکو بۆتە پەڵەیەکی ڕەش بە رووی بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە. ئاخر کێ هەیە بتوانێ حاشا لەوە بکات کە ئەوە 15 ساڵە بە عەمەلی ئەم دوو حزبە لەسەر ئەساسی خێڵەکی هەمو کوردستانیان دابەش کردووە بۆ دوو ناوچەو هەریەکەیان بۆ خۆیان دەسەڵاتی خۆیان بە زەبری چەك سەپاندووە.تەنانەت ئەو دەسەڵاتەش کە ناویان ناوە حکومەتی هاوبەش هەم خۆیان و هەم خەڵکی کوردستان و جهانیش باش دەزانن کە چۆن لەسەر بنەمای هیز هاوسەنگی خێڵەکی لە نێو خۆیان دابەشیان کردووە..!!

کێ دەزانێ داهاتی ساڵانەی ئەم وولاّتە چەندە؟کێ دەزانێ چەند و چۆن مەسرەف دەکرێت؟! کێ دەزانێ لەچەند سەرچاوەوە داهات دێتە دەستیان؟! کێ دەزانێ بودجەیان چەندە؟! کێ دەزانێ باج و خەراج چەندە و بۆ کوێ دەڕوات؟!کێ دەزانی داهاتی سەرانی ئەم دەسەڵاتە چەندە؟! ئەمانە پرسیار ی زۆربەی خەڵکی بی بەشی کوردستانەو وەلاّمەکەی تەنها لای گەورە بەرپرسانی مشەخۆری یەکیتی و پارتی یە. ئیتر بۆیە لە سایەی دەسەڵاتی عەشیرەتی و میلیشیایی مافی مرۆڤ مانایەکی نابیت.هەر بۆیە هەمومان هەر 6 مانگ جارێك شایەدی ئەوە دەبین کە ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی گەورە لەسەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ بلاّو دەکاتەوە.لە کاتێکدا خودی هەر دوو حزبی دەسەڵاتدار دەیان ڕێکخراویان دامەزراندوە بە ناوی ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤ و وەزارەتی مافی مرۆڤ و ژنان ،بەلاّم نەك هەر قسەیەك لەسەر پێشێکاری مافی مرۆڤ ناکەن بەڵکو ئەگەر ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتیش ،هەتا دەگات یو ئینیش، ڕاپۆرتێك بلاّو بلاوکاتەوە لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان، ئەوە مۆچە خۆرەکانی پارتی و یەکیتی بەناوی پاریزەرانی مافی مرۆڤ یەکسەر دێنە وەلاّم و دەڵێن ئەو ڕاپۆرتە وانی یەو موبالەغەیەو بۆ مەبەستی سیاسی نوسراوە .یاخود دەڵێن دەیانەویت تاقی کردنەوە بێ وینەکەمان لە ڕۆژهەلاّتی ناوەراست بشێوێنن و عەیبدار بکەن.

هەربۆ یە هەرگیز ممکن نی یە مافەکانی مرۆڤ دەستبەر بکرێت لە سایەی دەسەلاّتی حزبی قومی _ خێڵەکی میلیشیایی .  دەستەبەر بونی مافی مرۆڤ تەنهاو تەنها لە سایەی سیستەمێکی سیاسی عەلمانی ،مۆدیرن و سکویلار، دەستەبەر دەبیت کە هەمو دانیشتوانی وولاّت وەك مرۆڤ تاریف بکات و یەکسانی تەواو ڕابگەیەنێ و بپارێزیت.بێ گومان بەدی هینانی سیستەمیکی ئاوا ئەرکی هەموو کەسیکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو مرۆڤدۆستە.

**سەرەتای جولاّی 2007**